بسم الله الرحمن الرحيم

# زەردەشتو زەردەشتیەت
# سەرهەڵدانو پێگەیان لەئاینی ئاسمانیدا

## پێشەکی:

کاتێك قسە لەسەر هەرکەس یاخود هەر دەستەو گروپ یاخود شەریعەتو یاسا یاخود تەوژمو تەڤگەرێك دەکرێت، وا چاکە لێکۆڵەر پشت بەو نوسینو لێدوان یاخود پاشماوەو کەلەپورە ببەستێت کە لەو کەسو لایەنو دیاردەیە بەجێ ماون، بۆ ئەوەی هەم ڕادەی بە هەڵەداچوون کەمتر بێتو هەمیش ستەم لەو کەسو لایەنە کەمتر بکرێت کە لێکۆڵینەوەو بەداواداچونەکەی لەبارەوە دەکرێت، کورد گوتەنی کابرا بدوێنە شەرعی خۆی دەکات.

ئێمەش لەم لێکۆڵینەوە سەرەتاییەدا نامانەوێت بکەوینە سەنگەری دژایەتی نە لەگەڵ نە زەردەشتو نە لەگەڵ هزرو نە لەگەڵ پەیڕەوانیدا، بەڵکو تەنها دەمانەوێت وەك دیاردەیەکی کۆن، کە ئەمیش وەك هەندێ بابەتی تر بەیناوبەین سەر هەڵدەدەنەوەو بە مەبەستەوە لەهەندێ گۆشەو کەناری جیهاندا دەخرێنەوە سەر سەحنەو هەوڵی دیسانەوە ناساندنەوەیان دەدرێت، ئێمە لەم گۆشە نیگایەوە دەمانەوێت قسە لەسەر دیاردەو حاڵەتەکە بکەین، نەك هیچ مەبەستێکی ترمان ببێت لەباسەکەدا.

چونکە دەکرێت کەسانێك (بەتایبەت لەناو توێژی لاواندا) هەبن بۆ یەکەم جار بێت ئەم بابەتە بەرگوێیان بکەوێتو وا بزانن چەمكو بابەتێکی نوێیەو لەوێوە وەك تامەزرۆییەك بۆ شارەزابوون لەو پرسە، پێویستیان بە ڕێنماییی ببێت، بۆیە هەستاین بە کۆکردنەوەو بەراورد کردنی چەند زانیارییەك لەو بارەیەوەو لەدو تۆی ئەم نامیلکەیەدا دەیخەینە بەردەستی خوێنەر.

سەرچاوەی زانیاریەکانی نـاو بابەتەکـەش، وەك لەسـەرەتاوە ئاماژەمـان پێـدا بێجگە لەو بڕگە باوانەی ناو مێـژوو، زیـاتر پشـتمان بـەو بابەتانـە بەسـتووە کـە لەپێگەی ئەلکترۆنیو پێگەو پەیجە هەوادارەکانی ئەم تەوژمەوە بڵاوکراونەتەوە.

بەشە سەرەکیەکانی ئەم لێکۆڵینەوە سەرەتاییەش لەم بڕگانەی خوارەوە پێك دێن:

١. ئایا زەردەشتیەت ئاینە؟ یاخود ڕەویەو شەریعەتە؟ یان هیچیان؟

٢. ئایا زەردەشت کوردە؟ دواتر ئایا زەردەشتیەت ڕەویەو هزرێکی کوردیە؟

٣. ئامـــانج لەســـەرهەڵدانەوەی ئـــەم بابەتـــەو هاوشـــێوەکانی لەکۆمـــەڵگا پەژموردەکاندا چییە؟

٤. هەڵوێســـتی ئێمـــە وەك گـــەلێکی پـــەیڕەوی ئـــاینی ئیســـلامو شـــەریعەتی موحەممەدی لەئاست ئەم پرسەو هاو چەشنەکانیدا چییە؟

**بەشی ڕۆشنبیری**

## ئایا زەردەشتیەت ئاینە؟ یاخود ڕەویەو شەریعەتە؟ یان هیچیان؟

سەرەتا دەبێت دڵنیابین ئەو ئاینەی کە تاکە ئاینی ئاسمانییەو ناوی ئیسلامەو تەنها ئەو پەسەندە لەلای خواوەند، قەتیس نیە لەیەك شەریعەت یاخود لەپەیامی یەك پێغەمبەردا، بەڵکو بەپێی دەقەکانی قورئانو لەهەندێ پەیامە پارێزراوەکانی تریشدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئیسلام ئەو پەیامەیە کە خواوەند پەسەندی کردووە ببێتە ئاین بۆ بەندەکانی لەسەرانسەری ژیانی مرۆڤایەتیدا، دواتر بە مەبەستی پەروەردەکردنو پێگەیاندنی مرۆڤایەتی خواوەند چەندین پەیامبەرو پێغەمبەری ڕەوانە کردووەو بۆ هەریەکەشیان شەریعەتو یاساو ڕێنماییەکی تایبەتی بۆ ڕەوانەکردووە، کە هەماهەنگو سازگار بێت لەگەڵ ئەو گەلو نەتەوەو هۆزانەدا کە پێغەمبەرو پەیامبەرەکانی بۆ ڕەوانە کراون، تەنانەت هەریەك لەو پێغەمبەرانە بە زمانی خودی ئەو نەتەوەیە ڕەوانەکراونو کراونەتە هەڵگرو گەیەنەری پەیامە ئاسمانیو شەریعەتە تایبەتەکە، کە ئەو گەلە بە چ زمانێك قسەیان کردبێت ئەویش بەو زمانە بووەو لەنەوەو هەمان ڕەچەڵەکی خەڵکەکەش پێغەمبەرەکان (سەلامی خوایان لەسەر) هەڵبژێردراون.

هەڵبژاردنی ئەوکەسانەش بۆ پێغەمبەرایەتی، بژاردەیەکی خوایی بووەو نەکەسەکەو نەکەسی تریش هیچ چەشنە ڕۆڵێکیان لەهەڵبژاردنیدا نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت کە خواوەند لەناو بەندەکانیدا پاکترینو چاکترینو شایانترینی هەڵبژاردووە بۆ ئەو ئەرکە مەزنە.

لێرەوە تێدەگەین کە پێغەمبەرایەتی بە پلەی یەکەم تەکلیفێکی خوایی قورسەو پاداشتەکەی ڕێزلێنانێکە لەدوارۆژدا هەڵبژێردراوەکە وەری دەگرێتەوە، نەك دەسکەوتێکی دونیایی بێتو هەرکەسەو یاخود هەر گەل یان نەتەوەیەك هەوڵی بچڕاندنی بەشێك لەو دەسکەوتە بدەنو دواتر وابیر بکەنەوە کە هەر نەتەوەیەك پێغەمبەری تێدا هەڵبژێردرا بێت نەتەوەی سەردەستەیەو هەر گەل یاخود نەتەوە یان زمانێکیش پێغەمبەری تێدا هەڵنەبژێردرا بێت یاخود شەریعەتێك بە زمانەکەی نەهاتبێت، پێویستە ژێردەستەی ئەوانی تر بێتو ناچار بکرێت بە زمانی ئەو نەتەوەیە قسە بکات کە شەریعەتەکەی پێ هاتووە، یاخود بە عەقڵی ڕێبەرە ئاینەکانی نەتەوە بەناو سەردەستەکە بیربکەنەوە (کە بەداخەوە ئێستا کورد هەم قوربانی ئەو بیرکردنەوە چەوتەیەو هەمیش بۆنی ئەوەی لێدەکرێت هەندێك کەسی ڕەگەزپەرست بیانەوێت خەون بە چەوساندنەوەی نەتەوەی ترەوە ببینن لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت).

بەم پێیە گەشتینە ئەو ئاکامەی کە ئاینی سەرتاسەریو گشتیو پەسەند هەر لەئادەمەوە تا خاتەم یەك ئاینەو ئەویش بریتیە لەئاینی ئیسلام، هەریەك لەپێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لەسەر) هەریەکەو شەریعەتو ڕێنماییو یاسایەکی تایبەت بە خۆیانو گەل یاخود نەتەوەکەی خۆیان بۆهاتووەو تەنانەت هەشیانە تایبەت بە هۆزەکەی خۆی بۆ هاتووەو پەیامەکەش بەهەمان ئەو زمانە بووە کە گەلو نەتەوەو هۆزەکە قسەیان پێکردووەو پێغەمبەرو پەیامهێنەرەکەش لەهەمان ئەو نەتەوەو، هەڵگری ڕەچەڵەکی ئەو کەسانەبووە کە شەریعەتو ڕێنماییەکەیان بۆ هاتووە، بەڵام هەندێ لەپێغەمبەران کە بە (رسول) واتە نێردراو

پەیامبەر ناو دەبرێن، مەودای ئەرك‌و پەیام‌و شەریعەتەكەیان فراوانتر بووەو ئەو سنورانەی تێپەڕاندووە، زیاد لەنەتەوەو گەلێكی دواندوە، هەشیانە لەوسۆنگەیەوەو بەهۆی ئەو بنەما بەهێزانەوە لەپەیامەكەیدا بووە توانیوویەتی سەرانسەری گۆی زەوی‌و سەرجەم مرۆڤایەتی لەهەموو سەردەمێكدا بدوێنێت‌و ڕێنمایی بكات (ئەم تایبەتمەندیەش تەنها لەدوا پەیام‌و شەریعەتی ئاسمانیدایە كە بە پەیامی موحەممەدی ناسراوە).

ئەو پێگە گرنگەش بۆیە بەخشراوەتە ئەم دوا پەیامە، چونكە لەڕێگەی پەیام‌و پێغەمبەرەكانی پێشخۆیەوە، مرۆڤایەتی قۆناغ بە قۆناغ ئامادەكراوە تاوەكو توانای ئەوەی هەبێت كە ئیدی پێویستی بە پێغەمبەری ترو پەیامی تر نەبێت، بۆیە پەیامێكی گشت گیرو سەرانسەری ئەو تۆی بۆ ڕەوانە كرا كە هێڵەگشتیەكانی ژیانی مرۆڤایەتی تێدا ڕەچاو كراو موحەممەدیش (درودی خوای لەسەر) ڕاسپێردرا بە گەیاندنی ئەو پەیامە بە مرۆڤایەتی‌و بە ئەمانەتەوە ئەو ئەركەی جێبەجێ كردوو، خواوەندیش بەڵێنی پاراستنی ئەم پەیامەیدا، بۆیە دەبێت بزانین پەیامی موحەممەدی كۆكەرەوەو تەواوكاری تەواوی پەیام‌و شەریعەتەكانی پێش خۆیەتی، ئەمەش بە مانای سڕینەوەو پوچەڵكردنەوەی ئەوانیدی نایەت، بەڵام وەك تەواوكاری ئەم تەواوكاری ئەوانە، واتە: ئەو خواستەی كە بەشێوەی بڕگە بڕگە لەشەریعەتەكانی پێشتردا بوو، لەمدا بە تەواوكراوی هەیە.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئاكامەی كە دەكرێت زەردەشت پێغەمبەرو زەردەشتیەتیش یەكێك بوو بێت لەو پەیامانەی كە لەلایەن خواوەندەوە

ڕەوانەکراون (هەر چەند ناوی هیچکام، واتە نەزەردەشتو نەزەردەشتیەت لەدوا پەیامی ئاسمانیدا نەهاتوون، بەلاّم وشەی (المجوس) هاتووە کە وا پێدەچێت مەبەست لەو ئاراستە هزریە بێت، کاتێکیش سوپای ئیسلام گەشتە ئەو ناوچانە بەهەمان شێواز مامەڵەی لەگەڵ پاشماوەکانی ئەم ئاراستەیەدا کرد کە پێشتر مامەڵەی لەگەڵ پەیڕەوانی شەریعەتە پێشووەکانو (أهل الكتاب)دا کردو ڕایان گەیان (سَنوّابِهْم سُنَّة أهلِ الكتاب)، بەلاّم خۆ تەنها ئەمان نین کە ناویان نەهاتووە، بەڵکو دەکرێت دەیان پێغەمبەرو پەیامی تریش هەبووبن کە ناویان نەهاتووە لەدوا پەیامەدا).

بۆیە لێرەدا هیچ گرنگ نیە دڵنیابین، یاخود گومانمان هەبێت کە ئایا زەردەشت پێغەمبەر بووە، یان دڵنیابین ئایا پەیامەکەی ئاسمانی بووە؟؟ چونکە بووبن یان نا، ئێستا بەپێی لۆژیكو ژیریو بەبێ هیچ خۆ سەغڵەت کردنو دەمار گرژبوونێك، پێویستمان نە بەو زاتەو نە بە پەیامەکەشی نیە، نەك هەر ئێمە بەڵکو هەموو گەلانی دوونیا هیچکاممان پێویستمان بەوە نیە بگەڕێین بەناو مێژووداو وێڵ بین بەدوای شەریعەتو پێغەمبەرە پێشینەکاندا تا شوێنیان بکەوین، بەڵکو هەرکام لەو پێغەمبەرانە لەڕێگەی ڕاسپاردەکانیانەوە، یاخود ئەگەر کەمترین شوێننەواریان لێ بەجێ مابێت، داوا لەشوێنکەوتوانیان دەکەن دەست لەو خەیاڵ پلاّوانە هەڵگرنو شوێن ئەو دوا پەیامەی ئاسمان بکەون کە لەڕێگەی دوا پەیامهێنەرەکەیەوە بەدەست مرۆڤایەتی گەشتووەو پێغەمبەران بەگشتی (سەلامی خوایان لەسەر) براو تەواوکاری یەکدی بوون، هیچکامیان بۆ سڕینەوەی ڕۆڵی ئەوی تریان نەهاتوون، هەموویان ئەوەیان لاڕوون بووە کە پێغەمبەرایەتی ئەرکەو ئەرکی مەزنترینیشیان

بریتــی بــووە لەئــەرکی موحەممــەد (د.خ) بــەو پێیــەی کــە پەیامەکــەی گشــتگیرو سەرتاسەریو درێژەپێدەرو تەواوکاری پەیامەکەی ئەوانە..

دواجار بۆ وەڵامی پرسیاری برگەکە دەکرێت بڵـێین، هەرچـەندە لـەدوا پـەیامی ئاسمانیـدا بـە تـەواوەتی پشـت ڕاسـت نەکراوەتـەوە، بـەڵام دەکرێـت بڵـێین، کـە زەردەشتیش وەك زۆرێکی تر لەپێغەمبەران یەکێك بووبێت لەوانو پەیامەکەشـی ئاسمانی بوو بێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە پێویستبێ ئێمەی کورد شـوێنی بکەوینو واز لەدوا ئەڵقەی ئاینە سەرتاسەریەکە بهێنین کە بەڵگەی دڵنیاکـەرمان لایـە کـە پـەیامی ئاسمانیـە، واتــە هــیچ کەسـێکی ژیرمەنـد ناتوانێـت دەسـت لەدڵنیایی هەڵگرێتو شوێن گومان بکەوێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەر لەبناغەوە نـە زەردەشـت پێغەمبــەرو نـە بەرنامەکەشـی شــەریعەت بـووبنو ئــەکرێ ئــەویش وەك یــەکێك لەئەفســانەکانی مێــژوو، یــان هــەر نــەبووبێت یــان ئەگــەر بــووبێتیش چــەندین شێواندنو ئاوەژوو کردن تیایدا ڕووی دابێت، وەك پەیڕەوانیشی ڕای دەگەیەنن کە زەردەشتیەت شەریعەت نیە، بەڵکو تەنها تەوژمێکی هزریو فەلسەفیە.

**ئایا زەردەشت کوردە؟ دواتر ئایا زەردەشتیەت ڕەویەو هزرێکی کوردیە؟**

ئەمە پرسیارێکەو وەك لەپێشەکیەکەدا ئاماژەمان پێدا، بۆ وەڵامدانەوەی ئێمە تەنها دەتوانین پشت بەو سەرچاوانە ببەستین کە لەوبارەیەوە قسەیان کردووە، چونکە هیچ دەقێکی یەکلاکەرەوەی بێگومان لەم بارەیەوە نیە.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە پلەی یەکەم پشت بە دوو سەرچاوە بەستراوە کە تارادەیەك، دوو بۆچوونی جیاواز لەیەك لەخۆ دەگرن:

**یەکەم**: بابەتێکە بەناونیشانی (ئایا زەردەشت ئاینێکی کوردیە؟) کە لەنوسینی بەڕێز (سۆران حەمەڕەش)ەو لەئێنتەرنێتەوە وەرگیراوە.

**دووەم**: پێگەی ئەلکترۆنی (ئاینی زەردەشت) کە بە (١١٤) زمان بڵاوکراوەی هەیە.

بابەت یاخود سەرچاوەی یەکەم هەندێك پرسو بەڵگە دەخاتەڕوو کە زەردەشتیەتو زەردەشت نەك هەر کورد نەبوون، بەڵکو لەناو کوردانیشدا دژایەتی کراونو لەدیدی نوسەردا، زەردەشتیەتیش سودی لێوەرگیراوە لەشێواندنی مێژوو کەلتوری کوردیدا.

(سۆران حەمەڕەش) پێی وایە کە ناوی زەردەشت لەزمانی یۆنانیدا بە زۆرا سترێس (Zorastres) هاتووە دواتر ئەم ناوە چووەتە ناو زمانی ئینگلیزیەوەو بووە بە زۆر ئستەر (Zoroster) وشەکە لەزمانی یۆنانیدا بە مانای جیاواز وەك (پیاوی ئاینی، ئەستێرەپەرست، ئەستێرەی زێڕین، ڕۆحانی ئەستێرە) هاتووە، کە ئەم لێکدانەوانە تەواو جیاوازن لەناوی (زەرەتوشترا) کە بەمانای (وشتری ڕێڕین) دێت.

دواتر لەم لێکۆنەوەیەدا ئەوە هاتووە کە زەردەشت (کەسایەتیەکی ئەستێرەناس بووەو لەو سەردەمەشدا ئەستێرەناسی بەشێك بووە لەئاینو، مرۆڤ پێی وابووە کە زۆرلایەنی ژیانی مرۆڤایەتیو چارەنووسی، بە ئەستێرەکانەوە بەستراوە).

هەروەها لەبڕگەیەکی تری ئەم بابەتەدا هاتووە کە: فەیلەسوفی کورد (شەمسەدینی شارەزووری) ئاماژە بەوە دەکات کە زەردەشت خەڵکی ئازەربایجانەو لەمنداڵیدا لەگەڵ باوکیدا ڕووی کردوەتە شاری (حران)و لەوێ لای (فۆریس)ی حەکیم فێری ئەستێرەناسی بووە.

دواتر ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە بەڕاست دەزانێت کە زەردەشت لەسەدەی شەشەمی پێش زایندا ژیاوەو ئاینەکەشی لەناوچەی سەجەستان (سیستان)ی ئێستاو خوراسانو ئەفغانستان بڵاوبۆتەوەو بەهۆی دەسەڵاتی ئەشکانیەکان بە سەر کوردستانەوە ئەو ئاینەش سەری کێشاوەتە ناو کوردانەوە.



هەروەها (سۆران حەمەڕەش) دەڵێت: فەروهەر (ئەو وێنەی کە کراوەتە سیمبولی زەردەشتیەت) لەبنەچەدا سیمبولێکی زەردەشتی نیەو بە سەدان ساڵ پێشتر بەهەمان شێوە لای ئاشوریەکان دەرکەوتووە. لێکۆڵەر لەوەش زیاتر دەڕواتو دەڵێت: ئەو سیمبولەی کە پیاوێکی ڕیشنەو لەناوخۆرو دوو باڵدا جێگیر کراوە، لای (هۆریەکان) شێوەیەکی ڕەسەنتری هەبووەو ئاشوریەکان لەوانیان وەرگرتووەو

گۆڕیویانە. لەدرێژەی ئەو بابەتەدا هاتووە کە زەردەشتیەت لەسەدەی سێیەمی پێش زایندا و لەڕێگەی ئەشکانیەکانەوە وورده وورده بە هەندێك دەسكاریەوە هاتووەتە ناو کوردان و پێی ئاشنا بوون، واتە پێش (٣٠٠)ساڵ پاش سەرهەڵدانی ئەوجا زەردەشتیەت گەشتووەتە کوردان، نەك ئاینی کوردان بوو بێت.



سەرچاوەی دووەمیش کە پێگەی ئەلکترۆنی (ئاینی زەردەشت)ە سەرەتا لەپێناسەی ئەم ئاراستەیەدا وا هاتووە کە (ئاینی زەردەشتی لەسەر بنەمای بیرو بۆچوونەکانو بڕواکانی زەردەشت پێك هاتووە، ئەم ئاینە جیهان وەکو دووبەرەکیەکی بەردەوام دەبینێت لەنێوان هێزی پاكو هێزی خراپدا) لێرەوە تێدەگەین کە تەوەری ژیان بەلای زەردەشتیەتەوە ململانێیە، نەك پێکەوە ژیانو پێکەوە سازان.

دواتر هەندێك لەو بابەتو زانیاریانەی کە لەم سەرچاوە دووەمەدا هاتوون، تەواو پێچەوانەی بابەتی یەکەمن.

پێگەکە لەبڕگەی (ئاوێستا)دا، باس لەپەڕاوی زەردەشتیەت دەکاتو دونیایەك ڕای جیاواز لەبارەی شێوازی کۆکردنەوەو نوسینەوەی بڕگەکانی ئاوێستاوە دەخاتەڕوو، لەئاکامدا مرۆڤ دەکەوێتە دوو ڕیانی ڕاڕاییەوەو هیچ شتێکی دڵنیاکەر نیە کە یارای باوەڕپێکردنو پشت پێ بەستن بێت لەوبارەیەوە، دواتر

لەتێبینیەکدا دەڵێت: {کۆنترینو ڕاسترین ئاوێستا لەوڵاتی دانیمارك پارێزراوە، پەیکەری پەیامبەری کورد زەردەشت لەبەرانبەر دادگای ئیستئنافی نیویورك لەگۆڕەپانی (مدیسون) دانراوەو لەساڵی (١٩٥٠) دروست کراوە}.

هەمان سەرچاوە لەبارەی پەیڕەوانی زەردەشتیەوە دەڵێت: پاش هاتنی ئیسلام زەردەشتیەت لەناوچووەو لەسەرانسەری دونیادا (٢٥٠) هەزار کەس پەیڕەوی هەیە، کە دابەشن بە سەر وڵاتانی (هندستان، پاکستان، ئەمریکای باکور، تاجیکستان، ئێران لەشارەکانی یەزد، کرمان، تاران،و نوێنەریشیان لەپەرلەمانی ئێراندا هەیە).

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی زەردەشتیەتو لەدایك بوونی خودی زەردەشتیش دەڵێت: (٦٦٠) ساڵ پێش زاین لەرۆژهەلاتی کوردستانو لەشاری ورمێو لەشارۆچکەی سەردەشتو لەخێڵی (سپیتەمان) هاتووەتە دونیاوەو باوکی ناوی (پورش) بووە. هەورامان نشینگەی پەیدابوونو ژیانی زەردەشتەو، دەشڵێت زەردەشت لەڕەگەزی سپی پێستەکان بووە، لەبڕگەیەکی تردا هاتووە دەڵێت: ناوی زەردەشت لەئاوێستادا بە (زەرەتاو شەتەرەئاتی) واتە ((خاوەنی وشتری زێڕین) هاتووە.

هەروەها لەدرێژەی ژياننامەکەیدا لەو پێگەیەدا هاتووە:

(زەردەشت تا تەمەنی چل ساڵی لەناو هەورامیەکاندا بە مەڕ لەوەڕاندن ژیانی بردۆتە سەر، ژنی هێناوەو هەورامانی بەجێ هێشتووەو چووە بۆ ناوچەی خوویو لەوێ لەلێواری دەریاچەی ورمێدا بووە بە خاوەنی خێزانو سێ کچی بووە، کچی سێەمی پێش بە پێغەمبەر بوونی زەردەشت بووە بە هاوسەری (جاماس)ی وەزیری (کەیگوش تاسب).

زەردەشت پێش ئەوەی نیگای بۆ بێت ناوچەکەی خۆی بەجێ هێشتووەو ڕووی کردوەتە ناوچەی (خووی) لەدەوروبەری گۆلاویو ورمێداو لەوێو لەتەمەنی چڵ ساڵیدا بووە بە پێغەمبەرو سەرەتا گۆشەگیر بووەو حاڵەتێکی تایبەتی بەسەردا هاتووە کە خۆی لەگەڵ خۆیدا دواوەو دواتر نیگای بۆ هاتووەو یەکەم کەس کە باوەڕی پێهێناوە ئامۆزایەکی بووە بە ناوی (مزی ماو)و بە بڵاوبوونەوەی ئاینەکەی، دانیشتوانی (خووی) چوون بەگژ زەردەشتو پەیڕەوانیداو زەردەشتیان ناچار کردووە کۆچ بکات بۆ ناوچەی سنەی ئێستاو لەبەر ئەوەی خۆیو خێڵەکەی ئاژەڵدارییان کردووە لەجێگەیەکدا جێگیر بوون بەناوی کێوی (ئاوشی درینەر) کە پاش هەزاران ساڵ ناوەکە گۆڕاوە بە (ئاویدەر)و دواتر زەردەشت چووتە ناوچەی (دینەوەرو سەحنە)و شا (کەیگوشتاسب)کە پاشای ئەو ناوچەیە بووە، چووەتە سەر ئاینی زەردەشتو ئەمەش بووە بەهۆی پەرەسەندنی زەردەشتیەتو لێرەدا بە (پارسیان) ناویان هاتووەو لەناوچەی (باکیترا) کە باختەرانی ئێستە دەکات، دەستیان دایە کشتوکاڵو ئاژەڵداری، هەندێکیش دەڵێن: زەردەشت لەبەلخو بوخارا ژیاوە.

لەدرێژەی باسەکەدا هاتووە کە پاش ڕووبەڕوو بونەوەی ئەم ئاینە ئاسمانیە لەگەڵ دێو پەرستانو ئەستێرە پەرستانو درۆزناندا و لەشەڕێکی سەختدا پاشا (گوشتاسب)و کوڕەکانیو زەردەشتو یارانی کوژراونو ئاتەشگەکانیشیان وێران کراون، پارسەکانو هاوبیرانیان ئاوارە بوونو بەرەو باکور هەڵهاتوونو سەرقاڵی ژیانیان بوون، لەو ڕێگەیەوە ئامۆژگاریەکانی زەردەشتو سروتە ئاینیەکانیان گوێزراونەتەوە بۆ دارستانەکانی مازینەدەرانو بەلخو بوخاراو لەوێ پارسەکان

خۆیان حەشارداوەو پەرەیانداوە بە ئاینەکەیان، دوای ماوەیەك لەدارستانەکانی مازیندەران حکومەتێکیان بەناوی (پارث) پێکهێناوە کە بەمانای (پاکان) دێت. هاوبیرانی زەردەشت لەوێ دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی کتێبی (گاتا)واتە وتەکانی زەردەشتو (ئاوێستا) واتە: ئەم ئاوێستایەی کە ئێستا لەبەردەستدایە، بەشێکە لەو ئاوێستا کۆنەی کە پاش هێرشی ئەسکەندەرو تالآنکردنی کتێبخانەی گەورەی سەردەمی هەخامەنیشین ماوەتەوە.

پاش ئەم شەنو کەوەی کە ڕابورد، تێدەگەین کە زەردەشتو زەردەشتیەت لەژێر تەمو مژێکی زۆری مێژوویدایەو لەوەش زیاتر لەهەندێ لەگێڕانەوەو لێکۆڵینەوەکاندا دژایەتیو جیاوازی ئاشکرا هەیە، بەلآم زۆربەیان لەوەدا یەکڕان کە ئەم تەوژمە ئەگەر پەیامی ئاسمانیش بوو بێتو ئەم زاتەش (زەردەشت) ئەگەر پێغەمبەریش بوو بێت، بە پێغەمبەرایەتی لەناو کورداندا نەژیاوە، بەڵکو پاش سەدان ساڵ لەدوای مردنی خۆی، هزرو ئامۆژگاریەکانی بەدەماودەمو پاش دەیان گۆڕانکاریو چەماندنەوەی هەمە چەشنە، گەشتوونەتە ناو کوردانو لەناویاندا بلآوبوونەتەوە.

بۆیە ئەگەر بووترێت زەردەشت کورد بووە، یاخود زەردەشتیەت هزرو فەلسەفەیەکی کوردی بووە، هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەپشت ئەم ئیدعایەوە نیەو ئیدعایەکی لەرزۆك دەردەچێت، بەلآم پەیڕەوانی ئازادن لەهەڵبژاردنی بیروبۆچوونی خۆیاندا.

## ئامانج لەسەرهەڵدانەوەی ئەم بابەتەو هاوشێوەکانی لەکۆمەڵگا پەژموردەکاندا چییە؟

هەوڵ دەدەین لەم بڕگەیەشدا بە ڕوونیو ڕاشکاوی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوەو ڕوونی بکەینەوە کە هەمیشە ناونیشانی فریودەر بەکارهێنراون بۆ مەرامو مەبەستی شاراوەی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆجی.

ئەم چەمكو بابەتەش کە گوایا زەردەشتیەت ئاینی ئاسمانی کوردانەو وا پیشان دەدا کە کوردان بچنەوە سەر ئاینی باو باپیرانیان، بێگومان یەکێکە لەو پرسو بابەتانەی کە بۆ مەبەستی شاراوەی سیاسیو ئایدۆلۆجی بەکار هێنراوەو ئێستاش لەکوردستاندا بەکار دەهێنرێت.

پرسیارەکە لێرەدایە، بۆ ئەم پرسە دەکرێتە کەرەستە؟ بۆ کۆمەڵگەو هەلومەرجی ئێستای کوردستان دەکرێتە ئامانج؟

گومان لەوەدا نیە کە ئێستا کۆمەڵگەی کوردستانی لەقۆناغێکی ڕاگوزەری ژیاریو کۆمەڵایەتیو سیاسی گرنگو چارەنوس سازدا تێدەپەڕێتو ڕوداوەکان ئاماژەن بە ژانی لەدایکبوونی واقعێکی تازە لەداهاتوویەکی نزیکدا، بۆیە ئەو دەستەی کە ئەم سەرەداوانە دەجولێنێت، یاخود هەموو ڕێکخراوو تۆڕو تەوژمە

ئایدۆلۆجیەکان، لەسەرانسەری جیهاندا شڵەژانو برسیەتیو پاشاگەرادانیو هەڵپلانی ئەمنی، بەهەل دەزانن‌و هەوڵ دەدەن ئەو کەلێن‌و حاڵەتە نەخوازراوانە بقۆزنەوەو لەوێوە جێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگاکاندا بکەنەوەو هەوڵی ڕیشە داکوتان لەو کۆمەڵگایانەدا بدەن.

حاڵەتی کوردستانیش هەم لەبەر بوونی ئازادیو هەمیش بەهۆی سەرقاڵ بوونی حکومەت‌و پارتە سیاسیەکان بە پرس‌و دۆزو قەیرانە سیاسیو ئابوریەکانەوە، چەشنێك لەپەرۆشی کۆمەڵایەتی تێدا بەدی دەکرێت‌و دوور نیە ئەم حاڵەتە لەلایەن نەیارانیەوە بە هەل زانرابێت‌و کار کرابێت یاخود بکرێت بۆ دەست خستنە ناو پرسە کۆمەڵایەتیو ئابوریو ئایدۆلجیەکانی خەڵکی کوردستانەوەو هەوڵی زیاتر پەرتەوازە کردن‌و دزینی تواناکان‌و سەرمەست کردنی لاوانمان بدرێت‌و بەناوی فریودەرو دروشمی خەڵەتێنەرەوە ئەو دەستانە خۆیان لەناوماندا بنوێنن.

بۆیە لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە وروژاندنی ئەم پرسەو پرسەکانی تری هاوشێوەی، لەم هەل‌و مەرجەدا جگە لە بەهەل زانینی حاڵەتە نەخوازراوەکەی کوردستان، هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەڵ ناگرێت‌و کارکردنیش بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەو هەوڵە نەخوازراوانە، ئەرکی هەموانە، هەر لەحکومەتەوە بیگرە تا دەگاتە تاك بەتاکی کۆمەڵگا.

نامانەوێت ئەمە مانای بەرتەسك كردنەوەی مەودای ئازادیو ئازادی بیرو ڕای لێبگیرێت، یاخود لێكدانەوەی هەڵەی ئایدۆلۆجی بۆ بكرێت، بەڵكو ئەمە بەشێكە لەئاسایشی نیشتمانیو نەتەوەیمانو كار بۆ كردنی بە ئەركێكی نیشتمانیو ئاینیو یاسایی خۆمان دەزانین، میكانزیمی ڕووبەڕوو بوونەوەكەش بە پلەی یەكەم ڕیكاری یاساییو هەنگاوە دیموكراتیەكانو چالاكیە رۆشنبیریەكانە، چونكە ئەم تەوژمە لەرێگەی ریكخراوی مۆڵەت پێدراوەوە كاری بۆ دەكرێت، ڕێگەش لەكەس ناگیرێت كە بە چ چەشنە بیركردنەوەیەك بیر لەژیانو دونیاو جیهان بینی خۆی دەكاتەوە، بەلاَم وەك پەندە كوردیەكە دەڵێت: (كەس كوڕی خۆی نەكردوتە قوربانی كچی خەڵك) ئێمەش دەسكەوتە نیشتمانیو نەتەوەییو دیموكراتیەكانی خۆمان ناكەینە قوربانی حەزی چەند كەس یان لایەنی گومان لێكراو.

## هەڵوێستی ئێمە وەك گەلێكی پەیڕەوی ئاینی ئیسلام‌و شەریعەتی موحەممەدی لەئاست ئەم پرسەو هاو چەشنەكانیدا چییە؟

لەبڕگەی پێشوودا بەگشتی وەڵامێكی ئەم پرسیارە درایەوە، بەڵام لێرەدا پرسیارەكە سێبەرێكی ئاینی هەیە، بۆیە ئێمەش وڵامێكی ئایدۆلۆجی‌و فیكری‌و ئاینی دەدەینەوە.

خواوەند لەدوا پەیامی ئاسمانیداو لەدوا بڕگەیدا كە دابەزیوە دەفەرمووێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ المائده/٣.

بەو واتایەی كە خواوەند لەڕێگەی ناردنی دوا پەیامیەوە بۆ دوا پێغەمبەری موحەممەد (د.خ) ئاینی خۆی تەواو كردووەو ئەو هێڵە سەرەكیانەی تێدا داڕشتوەو بەیانی كردوون كە مرڤایەتی تا دواساتەكانی تەمەنی، لەسەرانسەری گۆی زەویدا پێویستیەتی‌و عەقڵ‌و ژیری مرۆڤیشی ئازاد كردووە كە لەچوار چێوەی ئەو هێڵە سەرەكیانەدا {لەهەموو بوارەكانی كیمیاو فیزیاو تەكنەلۆجیاو زانستەكاتی تریش دەگرنەوەو بە (كلمات الله) ئاماژەی بۆ كردوون} مرۆڤ بۆی هەیە شاراوەكانی گەردوون‌و بوونەوەرو كانزاو هێزەكانی ناو گۆی زەوی لەپێناو پەرەپێدانی ژیان‌و خزمەتی مرۆڤایەتیدا بەكاریان بهێنێت.

بۆیە مرۆڤایەتی ئیدی بەناوی ئاینەوە نە ئاینی تازەی پێویستەو نە خودی ئەو ئاینەش كە پەسەندی لای خواوەندە ڕێگە دەدا بگەڕێینەوە ناو مێژووی ڕابووردوو بەشێك یاخود قۆناغێك لەو ئاینە بهێننەوە ناو ژیان، چونكە ژیان گەشەی كردووەو ئیتر گەڕانەوە بۆ لای ئەو بەش‌و شەریعەتە ڕابوردوانە بێجگە لەسەرگەردانی‌و سەرلێشێوان هیچ سودێكی تری نابێت بۆ مرۆڤایەتی.